
# کۆمسیۆن بە فەرمی وادەی دەنگدانی تایبەت و دەستپێکردنی ماوەی بێدەنگی هەڵبژاردن دیاری دەکات



وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەڵێت، ژمارەی ئەو کەسانەی لە دەنگدانی تایبەت مافی دەنگدانیان هەیە ١ ملیۆن و ٣١٣ هەزار و ٨٥٩ کەسە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە ٣٠ـی تشرینی یەکەمـی ٢٠٢٥، جومانە غەلای، وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵیع کەوتووە بڵاویکردەوە، دەنگدانی هەڵبژاردنی تایبەت لە کاتژمێر ٧ی بەیانی رۆژی یەکشەممە ٩ی مانگی داهاتوو دەستپێدەکات، کارمەندانی دەستەی دەروازە سنورییەکان، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، دژە تیرۆر، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی بەرگری و حەشدی شەعبی لەخۆدەگرێت.

وتیشی، ژمارەی ئەو کەسانەی لە دەنگدانی تایبەت مافی دەنگدانیان هەیە ١ ملیۆن و ٣١٣ هەزار و ٨٥٩ کەسە.

سەبارەت بە کۆتایی هاتنی بانگەشەی هەڵبژاردن، دەڵێت، کاتی بێدەنگی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ٧ی بەیانی رۆژی شەممە ٨ی تشرینی دووەم دەستپێدەکات و هەر کاندیدێک یان لایەنێک یان هاوپەیمانییەک ماوەی بێدەنگی هەڵبژاردنەکان پێشێل بکات، بەپێی ڕێسا و یاسای کارپێکراو سزا دەدرێت.

ئەمەش لە کاتێکدایە، بڕیارە ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت.